# فێڵکردن لە یاسای وڵاتانی بێباوەڕ بەبیانووی ژن تەڵاقدان

[ کردي – کوردی – kurdish ]


## موحەممەد صاڵح المنجد

**وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**



2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ التحايل على قوانين الدول الكافرة بدعوى الطلاق من أجل الحصول على المال ﴾

« باللغة الكردية »

محمد صالح المنجد

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# فێڵکردن له یاسای وولاَتانی بێباوەڕ بەبیانووی ژن تەلاَقدان بۆ ئەوەی کەمێک ماڵی دەست بکەوێت

**پرسیار:** ئێمە لە وولاَتی سوید دەژین، هەندێك لەپیاوان لە دادگاکانی ئێرە لەسەر کاغەز ژنەکانیان تەلاَق دەدەن بەبێ ئەوەی ئەو تەلاَقە بەزمانیاندا بێت، ئەمەش بۆ ئەوەی کە دوو شوقە و دوو مووچەیان بدرێتێ، بەلاَم دواتر ئەو ژن وپیاوە دێن لەشوقەیەکدا دەژین وشوقەکەی تریان دەدەن بەکرێ،
پرسیارەکەی من لەوەدایە ئایا لەم حالَەتەدا تەلاَقی ئەو پیاوە دەکەوێت، وە ئەگەر ئەو تەلاَقە ناکەوێت، دروستە بۆ موسڵمان فڕوفێڵ لەیاسا بکات لەم ولاَتانەدا؟ لەبری ئەوەی ڕەوشت و ئاکاری جوان ئیسلامیان پێ ئاشنا بکەین وبانگیان بکەین بۆ سەر ئاینی پیرۆزی ئیسلام ؟

**وەلاَم :** الحمد لله والصلاة والسلام على نبينا المصطفى أما بعد:

یەکەم : مرۆڤ ئەگەر هاتوو تەلاَقەکەی بەخەتێکی ئاشکرا و ڕوون نووسی و نیەتی پێی تەلاَق بوو، ئەوە بێگومان بە ئیتیفاقی زانایان تەلاَقەکەی ئەکەوێت، چونکە نووسین بریتیە

لەچەند پیتێك وئەو نووسینەش مانا ومەبەستی تەڵاقی لێوەردەگیرێت، وەك ئەوە وایە بە زمان دەری ببڕیت، لەبەر ئەوەیش نووسین لەجێگای ووتەی نووسەرەکەی دادەنرێت، ئەویش بە بەڵگەی ئەوەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) کە فەرمانی پێکرابوو دینەکەی خوا بگەیەنێت هەندێك جار بەزمان و گوفتار دەیگەیاند، وە هەندێك جاریش بەنامە نووسین بۆ سەرۆك هۆز و خێل وولاتان دەیگەیاند .

بەڵام ئەگەر هاتوو تەڵاقەکەی نووسی و مەبەست و نییەتی ئەوە نەبوو ژنەکەی تەڵاق بدات، ئەوە لای جمهوری زانایان ئەو تەڵاقە ناکەوێت .

ابن القدامة (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەڵێت : ئەگەر هاتوو تەڵاقدان بەنووسین بوو، ئەوە ڕایەکی ئیمام ئەحمەد ئەوەیە کە تەڵاقەکەی ئەکەوێت، ئەمەش ووتەی هەریەك لە ئیمامی شەعبی و نەخەعی و زوهریە .

ڕای دووەمی ئیمام ئەحمەد ئەوەیە : تەڵاق بەنوسین ناکەوێت، ئەمەش ڕای هەریەك لە ئیمامی ئەبو حەنیفە وئیمامی مالیك وئیمامی شافعی یە، چونکە پێدەچێت مەبەستی لەو نووسینە تاقی کردنەوەی قەڵەمەکەی بێت، یان خۆش نووسی بێت، یان مەبەستی پێی خەم وخەفت دەربڕین بێت لەداخی خێزانی، بۆیە تەڵاقدان بەنووسین بەبێ نیەتی تەڵاق، تەڵاقی پێ

ناكەوێت { المغني " ( 504/10)} هەروەها سەیری هەریەك لەم کتاب و سەرچاوانەی تر بکە، {بدائع الصنائع (239/4) ،والشرح الکبیر (384/2) للدردیر؛ ومغني المحتاج ( 284/3) ؛ والإنصاف" (230/22)}.

جا بۆیە بەپێی ووتەی جمهوری زانایان ئەم تەڵاقەی لە دادگا دەدرێت بەنووسین بەبێ ئەوەی مەبەست و نیەتی تەڵاقی لەگەڵدا بیت تەڵاقی پێ ناکەوێت .

دووەم : واجبە لەسەر موسڵمان لەهەر کوێیەکی ئەم دونیایە بێت لە گوفتار وکردار ومامەڵەکردن وهەڵسوکەوتی لەگەڵ کەسانی تردا ڕاستگۆ بێتو ئەگەر تەنانەت لەگەڵ غەیری موسڵمانیشدا بێت، بۆیە دروست نییە غەش وفرووفێڵ بکات چونکە لەگوناهە گەورەکانە، پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم) فەرموویەتی : « أَرْبَعٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ كَانَ مُنَافِقًا خَالِصًا ، وَمَنْ كَانَتْ فِيهِ خَصْلَةٌ مِنْهُنَّ كَانَتْ فِيهِ خَصْلَةٌ مِنَ النِّفَاقِ حَتَّى يَدَعَهَا : إِذَا اؤْتُمِنَ خَانَ ، وَإِذَا حَدَّثَ كَذَبَ ، وَإِذَا عَاهَدَ غَدَرَ ، وَإِذَا خَاصَمَ فَجَرَ » [ رواه البخاري بەفەرموودەی ژمارە (34) وە مسلم بەفەرموودەی ژمارە (58) ] واتە : چوار ئاکار و خوو هەن لەهەرکەسێکدا بن ئەوە بێگومان دووڕووی تەواوە، هەرکەسێکیش یەکێك لەم ئاکار و خووانەی تێدا بێت ئەوە ئاکار و خوویەکی دووڕوانی تێدایە، ئەگەر هاتوو ئەمانەتی لا دانرا خیانەتی لێ دەکات، وە کاتێك قسە دەکات درۆ ئەکات،

وە ئەگەر پەیمان وبەڵێنی دا پەیمان وبەڵینەکانی دەشکێنێت، وە ئەگەر ناکۆکی و دەمەقاڵێیەکی بوو سنووری خۆی دەبەزێنێت .

هەروەها فەرموویەتی : « مَنَ غَشَّ فَلَيْسَ مِنِّي » [رواه مسلم بەفەرموودەی ژمارە (102) ] واتە : هەرکەس فڕزفێڵ و غەش بکات لەمن نییە .

بۆیە فڕوفێڵکردن لە یاسا بە بیانووی ئەوەی گوایە ژنەکەی تەڵاقداوە بۆ ئەوەی هەندێك سوود وکەڵکی دونیایی وەك مووچە وشوقەیەکی تر دەست بکەوێت ئەوە هەمووی غەش و فڕوفێڵکردن و درۆ و تەزویرە وبەهیچ شێوەیەك دروست نییە وحەرامە، ئەگەر تەنانەت لەووڵاتێکی کافریشی بکەیت، مادام ئەو کەسە بە گرێ بەستێکی ڕەسمی ئەماندراو لەو وڵاتە نیشتەجێ بووە .

جا لەبەر ئەوەی ئەو ووڵاتە ئەمانی داوە وپارێزگاری لەخۆی وسەروەت وسامانی دەکات، واجبە لەسەر ئەو کەسەش ئەمین وراستگۆ بێت لەگەڵ ئەو ووڵاتەدا ودروست نییە فڕوفێڵ و خیانەتی لێ بکات .

ئیمامی شافعیش (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەڵێت : ئەگەر موسڵمانێك یان کۆمەڵێك لەوان بە ئەمان چوونە ناو ووڵاتی بێباوەڕانەوە، ئەوە دەبێت خەڵکی ئەو ووڵاتە لێیان ئەمین

وپارێزراو بن هەتا ئەو کاتەی لەو وولاتە دەچنە دەرەوە، یان ماوەی نیشتەجێ بوونەکەیان تەواو دەبێت، نابێت بەهیچ شێوەیەك ستەم وزوڵم وخیانەتیان لێ بکەن {الام :(4 / 263)} .

بۆیە واجبە لەسەر ئەو موسڵمانەی کە لەوولاتی بێباوەڕاندا نیشتەجێیە ولەناویاندا دەژی پابەندی شەریعەتی خوای گەورە و ئاداب وئەخلاقە جوانەکانی ئیسلام بێت؛ بۆ ئەوەی خەڵکانی غەیرە موسڵمان فەزڵ و چاکی ئیسلامیان بۆ دەربکەوێت وبۆچونێکی جوان وباش لەئیسلام وەربگرن، نەك بەپێچەوانەوە بڕوات خەریکی دزی وفڕوفێڵ کردن بێت وخۆی و ئیسلامیش لای کەسانی تر ناشیرین بکات..

خوای گەورە زانا وشارەزاترە.